# دامەزراندنی راژەکاری FTP

ئاسۆ نادری
زانستپەروەرانی کورد

**راژەکاری FTP چییە و سوودی چییە؟**

راژەکاری FTP بریتییە لە کالاَنەرمێک کە لەسەر سیستەمێکی وەک ویندۆز دادەمەزرێت و پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی پەڕگە File Transfer Protocol بەکار دەبات. راژەکارێکی FTP دەتوانێ بەکار ببرێت بۆ بەخانەخۆێکردنی کۆمپیوتەر، واتە پەڕگەکانی نێو کۆمپیوتەرێک کراوە بکات بۆ کەسانی دیکە کە توانای داگرتنی ئەو پەڕگانەیان هەبێت لەسەر کۆمپیوتەری خۆیان.

سوودی دامەزرادنی راژەکارێکی FTP ئەوەیە کە دەتوانی پەڕگە و پرۆگرامەکانت لە رێگەیەوە بلاَو بکەیتەوە.

لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم بە شێوەیەکی تیروتەسەل چۆنێتیی دامەزراندن و بەکاربردنی راژەکاری FTP شی بکەمەوە.

لە پێشدا پێویست بەوە دەکات کە کالاَنەرمێک واتە پرۆگرامێک دابمەزرێنیت بۆ ئەوەی راژەکارێکی فتپ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابمەزرێنێت، تا ئێستا پرۆگرامی Bullet Proof FTP Server ە کە خەڵکانێکی زۆر بەکاری دەهێنن و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کارەکان جێبەجێ دەکات.

لێرە دەتوانی پرۆگرامی Bullet Proof FTP Server دابگریت.

وێبگەی پرۆگرام:(http://www.bpftpserver.com/) پاش داگرتن، دایبمەزرێنە و بیکەوە!




**دامەزراندن:**

لەکاتی کردنەوەدا بۆ یەکەم جار وەک وێنەی سەرەوە دەبێت، پێویستە لە پێشدا بەکارهێنەر و پێرستی داگرتن/ ناردنە سەرەوە دروست بکەیت و پاشان دەتوانی بە دروستی راژەکارەکەت بخەیتە کار.

بۆ دروستکردنی بەکارهێنەرێک کرتە بکە سەر ئایکۆنی User Accounts وەک لە وێنەی سەرەوە روون کراوەتەوە.



لەو ئاگادارییەی کە دیتە پیشەوە، OK کرتە بکە.



پاشان پەنجەرەی تایبەت بە بەکارهێنەران دەکرێتەوە، بۆ دانانی بەکارهێنەرێکی نوێ لە خانەی ژێر User Accounts بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەر کرتەیەک بکە و پاشان Add کرتە بکە، پەنجەرەیەک دەکرێتەوە، ناوی بەکارهێنەرێک بنووسە، واتە هەر ناوێک کە خۆت دەتەوێت.

پێویست دەکات کە پیرستی داگرتن دیاری بکرێت بۆ ئەو بەکارهێنەرەی کە دروستت کرد، بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەری کۆمپیوتەرەکەت کرتەیەک بکە نێو خانەی Access Rights و پاشان Add کرتە بکە.

ئێستا ئەو شوێنە هەڵبژێرە کە دەتەوێ وەک پێرستی ڕاژەکارەکەت بەکاری ببەیت، واتە ئەو شوێنەی کە پەڕگەکانی لێ دادەنێی و ئەو خەڵکانەی کە دێنە سەر ڕاژەکارەکەت لەو شوێنەوە داگرتن بکەن.

پاش جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانە، دروستکردنی بەکارهێنەر و پێرستەکەی کۆتایی پێ هات، بەلام گەر بتەوێ خەڵک بە شێوەیەکی کراوە و گشتی بتوانن لە ڕاژەکارەکەوە داگرتن بکەن، دەتوانی نازناو و وشەی تێپەڕبوونی بەکارهێنەر ناچالاک بکەیت و هەموو کەسێک بەبێ نووسینی نازناو و وشەی تێپەڕبوون بتوانن لە ڕاژەکارەکەوە داگرتن بکەن.



بۆ ئەو مەبەستەش پاش دروستکردنی بەکارهێنەر توانای ئەوەت دەبێ کە Login و Password ناچالاک بکەیت و بە ناچالاککردنیان ئەو ویستەی سەرەوە بەجێ دەهێنێ.

بۆ داگرتنی پەڕگە و پرۆگرام لە ئینتەرنێتەوە، دەتوانرێت پرۆگرام بەکار ببرێت کە هەوڵ ئەدات خێرا داگرتنەکان تەواو بکات بۆ نموونە پرۆگرامی DAP، کە دەتوانی لەکاتی داگرتندا 5 پەیوەندی دروست بکات لەگەڵ ڕاژەکاردا، بەو شێوەیەش داگرتن هەندێک خێرا دەبێت، بەڵام لە ئەوە زیان دەگەیەنی بە ڕاژەکارێکی خۆماڵی. چوونکە کار دەکاتە سەر Traffici ی ڕاژەکار و لە توانای ئاسایی ڕاژەکار کەم دەکاتەوە.

لە پرۆگرامی Bullet Proof FTP Server دا دەتوانی ئەو خاڵە ناچالاک بکەیت، واتە خاڵی دروستبوونی کۆمەڵ پەیوەندی لە یەک ژمارەی ئای‌پی ـەوە قبوول نەکات.

بۆ جێبەجێ کردنی، کرتە کە سەر Miscellaneous.



وەک لە وێنەی سەرەوە ڕوونە، خاڵی Max no of Connects Per IP چالاک بکە و پاشان نرخەکەی بکە بە 1 گەر 1 نەبوو. بۆ دەرچوون لەو بەشە OK کرتە بکە.

پێش وەکارخستنی ڕاژەکارەکەت، پێویست دەکات کە خێراییی داگرتن و ناردنی ڕاژەکار ڕێک بخەیت لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندیی دیکەی بەسوود.

لە پەنجەرەی سەرەکیی پرۆگرامەکەدا کرتە بکە سەر ئایکۆنی Main Setup، یان دەتوانی لە لیستەی Setup دا Main و پاشان General کرتە بکەیت.



پاشان پەنجەرەیەکی لەم شێوەیە دەکرێتەوە.



8- ناوی ڕاژەکار.
9- پۆرتی بەکاربراو، وەک پۆرتی ئاسایی دەبێ 21 بێت، بەڵام گەر دەزانی چی دەکەی دەکرێ ئەو پۆرتەش بگۆڕدرێت.
10- زۆرترین ژمارەی بەکارهێنەران، واتە لە یەک کاتدا چەند کەس بتوانێ پەرگە لە ڕاژەکارەکەتەوە دابگرێت، 0 = بێسنوور.
11- چالاککردنی ڕاژەکار بە شێوەیەکی دەستبەجێ پاش کردنەوەی.
12- پاش چالاککردنی بە شێوەیەکی خۆکار بچێتە تەنیشت کاتژمێری کۆمپیوتەرەوە.

لەهەمان پەنجەرەدا کرتە بکە سەر

Advanced بۆ دیاریکردنی خێرایی و ڕێگەپێدانەکانی ڕاژەکار.




13- خێرایی ناردن/ وەرگرتن، ئەو خێراییە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خێرایی هێڵی ئینتەرنێتی خۆت، واتە گەر هێڵی خێرات هەبێت، دەتوانی ئەو نرخە زۆر بکەیت و لە زۆربەی کاتدا خێرایی داگرتن هەموو کات لە نێوان 40 تا 60 کیلۆبایتە لە چرکەدا.

14- ڕاژەکارەکەت ڕێگە بدات بە:

* داگرتن و ناردن (ئەو خەڵکانەی کە دێنە سەر ڕاژەکارەکە توانای داگرتن و ناردنی پەڕگەیان هەبێت لە/ بۆ کۆمپیوتەرەکەت).
* تەنیا داگرتن.
* تەنیا ناردن.

دەتوانی OK کرتە بکەیت و ئەو پەنجەرەیەی سەرەوە دابخەیت.

وەکارخستن و داخستنی ڕاژەکار:

بۆ وەکار خستنی ڕاژەکار.
15- پاش چالاککردن لە دێری خوارەوە دەنووسرێت FTP Server On-line




و لەهەمان دێردا ژمارەی (ئای‌پی)ی کۆمپیوتەرەکەت دەردەکەوێت، ئەو ژمارەیە ناونیشانی ڕاژەکارەکەیە. واتە گەر بتەوێ کەسێک ڕاژەکار و پەڕگەکان ببینێ ئەبێ ئەو ژمارەیەی بۆ بنێری بەم شێوەیە لە شوێنی 0 ftp://000.000.000.000 ـەکاندا ژمارەکانی ژمارە ئای‌پی ی خۆت دەنووسی

16- بۆ داخستنی ڕاژەکار.

17- بینینی ژمێرەری ڕاژەکار، هەموو زانیارییەکی پێویستت دەداتێ سەبارەت بە کاتی دەستبەکاربوونی ڕاژەکار و هەروەها قەبارەی گواستنەوەی جێبەجێکراو لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاریی دیکە کە پێویستن هەموو خاوەنڕاژەکارێک بیانزانێت.

18- پیشاندانی ئاستی ڕاژەکار، بۆ نموونە چەند کەس لەسەر ڕاژەکارن و چی دادەگرن و چەندیان داگرتووە و هتد ...

بۆ ئەوەی ڕاژەکارەکە لە کارکردن بەردەوام بێت و لەهەمان کاتدا بچێتە تەنیشت کاتژمێری کۆمپیوتەرەوە دەتوانی پەنجە بنێی بە F9 دا.

بۆ گەڕانەوە و کردنەوەی پەنجەرەی پرۆگرامەکە، دوو جار کرتەی بکە سەر لە تەنیشت کاتژمێری کۆمپیوتەرەوە.